ئەمریکا، عێراق و دیمۆکراسی

وتوویژ لە گەڵ فرانسیس فۆکۆیاما

و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز رەئووف

فرانسیس فۆکۆیاما پێش هەڵبژاردنەکەی ئیدارەی بووش ماوەیەکی زۆرکاتی خۆی لەگەڵ کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکاندا سەرف کرد و بۆچوونی لەگەڵ ئەواندا بوو. بەڵام شەڕی عێراق تەواو بۆچوونەکانی فۆکۆیامای گۆڕی. سایتی SPIEGEL ONLINE فۆکۆیامای دواند سەبارەت بە رەفتار و هەڵسوکەوت بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن ئەمریکییەکانەوە کە سەرەتایەکە بۆ مەترسی لەسەر ئەمریکا و ئەوروپا و دەرکەوتنی ئەنتی ئەمریکانیزم.

■ ■ ■

■ کتێبەکەت «ئەمریکا لە دووڕێیاندا: دیمۆکراسی و دەسەڵات و میراتی کۆنزێرڤاتیڤی نوێ» رەتکردنەوەی بۆچوونە سیاسییەکانە کە تۆ لە ڕێی پیشەی ئەکادیمیەوە لەو بارەیەوە دەدوێیت. چی ڕووی دا؟

◇ شەڕی عێراق ڕووی دا. لە ڕاستیدا مەودای ئەو پرۆسەیە بۆ من لە کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان چوار ساڵ لەمەوپێش ڕووی دا. من پێم وابوو کە شەڕ فکرەیەکی باش نییە لەو کاتەی کە لە شەڕی داگیرکردنی عێراق نزیک دەبووینەوە لە ساڵی ٢٠٠٢.

■ بۆچی؟ لە کاتێکدا کە یەک لە بابەتەکانی کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان بڕوایەکی قووڵە بە دیمۆکراسی و بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی.

◇ بە شێوەیەکی گشتی من دڵنیا نەبووم کە وڵاتەیەکگرتووەکان بتوانێ عێراق بگۆڕێت بە حکومەتێکی دیمۆکراسی. بەڵام گەورەترین کێشە کە من هەستم پێدەکرد ئەوە بوو کە خەڵک سەبارەت بە دەستتێوەردان، زانیاریی تاکەکەسییان نەبوو سەبارەت بە ئەمریکا. کاتێک کە من تەماشای مێژووی دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە سەدەی بیستدا دەکەم بە تایبەت لە کاریبی و ئەمریکای لاتینی، گەورەترین کێشەیەک هەمانبوو ئەوەبوو کە نەماندەتوانی ئەو وڵاتانە بەخۆمانەوە بلکێنین. پێش شەڕی عێراق ئەوە ڕوون بوو کە گەر بەشێوەیەکی دروست ئەوەمان بکردایە، ئێمە پێویستمان بە لانیکەم جێبەجێکردنی بەڵێنی پێنج تا دەساڵ دەبوو. ئەوە شتێکە بەڵگەنەویست بوو کە لەسەرەتاوە ئیدارەی سەرۆک بووش خەڵکی ئەمریکای ئامادە نەکردبوو بۆ ئەم جۆرە ئەرکە. لە ڕاستیدا ئەوە دیار بوو کە لایەنگرانی بۆش هەوڵیان دەدا بە ئاسانترین شێوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکەن. ئەوان بڕوایان وابوو کە دەتوانن بە ماوەی کەمتر لە ساڵێک بچنە عێراق و پاشەکشەش بکەن.

■ ئەو بیروباوەڕە لەکوێوە هات؟ ئایا ئەوە بێ ئەزموونی و لەخۆبایی بوون بوو یاخود تەنها نەزانینێکی سادەبوو؟

◇ زۆرێک لە کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان لە کۆپیکراوی پەروەردە هەڵەکانی کۆتایی شەڕی سارد و ڕووخانی کۆمۆنیزم بوون. ئەوان ئەو ڕوداوەیان وا بڵاو دەکردەوە کە هەموو ڕژێمە تۆتالیتارەکان لە بنچینە و ناوەخنیاندا خاڵین و گەر هەر پاڵنەرێکی دەرەکی هەبێت، ئەوا بەرەو هەرەس دەڕۆن. پێشتر کە دیواری بەرلین ڕووخا زۆرترین خەڵک بڕوایان وابوو کە کۆمۆنیزم ماوەیەکی زۆر لەسەر پای خۆی دەوەستێت. لە ڕاستیدا کۆمۆنیزم لە ماوەی حەوت تا هەشت مانگدا لە ساڵی ١٩٨٩ کۆتایی پێهات. ئەو فکرە ناتەندروستە سەبارەت بە سروشتی دیکتاتۆرەکان و کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان لێکچوونێکی هەڵە دروست دەکات لە نێوان ئەوروپای خۆرهەڵات و ئەوەی کە ڕوویدا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

■ لەبەر ئەوە تۆ پێت وایە ئەمە داگیرکردنێک بوو کە لەسەر بنەمای نەبوونی زانیاری و تێنەگەیشتندا ڕوویدا؟

◇ بەڵێ.

■ بێگومان ئیدارەی سەرۆک بۆش بۆ داگیرکردنی عێراق چەندین پاساوی هەبوو. یەک لەو پاساوانە بڵاوکردنەوەی دیمۆکراسی بوو، بەڵام زیاتر ترس لە چەکی کۆمەڵکوژ و ترس لە تیرۆریزم پاڵنەری سەرەکی بوو. تاچەند کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان گەیشتنە بڕیاری کۆتایی لە داگیرکردنی عێراقدا؟

◇ داگیرکردنی عێراق پشتی بە دیمۆکراتیزەکردنی ئەو وڵاتەوە نەبەستبوو، بەڵکو ئەمریکا قەڵەق بوو سەبارەت بە بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەو وڵاتەدا. ئیدارەی بووش هەروەها ئەوەی ڕاگەیاند کە عێراق پەیوەندی بە تیرۆریستانەوە هەیە- هەرچەندە من بڕوام وابوو کە ئەمەیان بڕواپێکراوترە لە بڕوابوون بە بوونی چەکی کۆمەڵکوژ.

◆◆◆

داگیرکردنی عێراق پشتی بە دیمۆکراتیزەکردنی ئەو وڵاتەوە نەبەستبوو، بەڵکو ئەمریکا قەڵەق بوو سەبارەت بە بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەو وڵاتەدا ئیدارەی بووش هەروەها ئەوەی ڕاگەیاند کە عێراق پەیوەندی بە تیرۆریستانەوە هەیە

◆◆◆

■ ئێستا، بێگومان لیستی سەرەکیی پاساوەکان بۆ شەڕ کورت کراوەتەوە بۆ تەنها یەک پاساو.

◇ ئیدارەی بۆش ئێستا لە زۆرێک پاساوەکانی پاشەکشەی کردووە، لەبەر ئەوەی پاساوەکانی تر- چەکی کۆمەڵکوژ و تیرۆریزم- دەرنەکەوتن. لەو کاتەدا دووەمین پاساو دێتە ئاراوە، پاساوی ئەوەی دیمۆکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا غائیبە.

■ ئەم پاساوە لە ئەمریکا زۆر بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت.

◇ زانیاری لەبارەی هەڵبژاردن و ڕای خەڵک ئەوە دەردەخات، بەتایبەت لەنێو دەنگدەرانی کۆمارییەکان، پرۆژەی دیمۆکراسی زۆر گرنگیی ئەوتۆی نییە. بەشێوەیەکی ئاشکرا گەر بۆش پێشتر بڕۆیشتایە بۆ ئەو وڵاتە و شەڕی بکردایە و بیوتایە ئێمە دەڕۆین و بە ترلیۆن دۆلار و بە هەزاران قوربانی بدایە لە پێناوی دیمۆکراسی لە عێراقدا، ئەوا لە کۆشکی سپیدا بە پێکەنین و گاڵتە پێشوازی لە پرۆژەکەی دەکرا.

■ ئێستا تەماشای عێراق بکەین تەنانەت پاساو بۆ گومانەکان هەست پێدەکرێت.

◇ عێراق ئێستا بۆتە شوێنێک بۆ گەشەسەندنی تیرۆر. سود و قازانجی شەڕەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نییە. ئێمە دەتوانین حکومەتێک لە عێراقدا پێکبهێنین، بەڵام ئەو حکومەتە تەواو لاواز دەبێت. ئاستەکانی توندوتیژی و ناجێگیری لەو هەرێمەدا بەردەوام دەبێت. مۆدێلی دیمۆکراسی لە دەرکەوتندا نییە و جێهێشتنی زیاتری شەپۆلی بە دیمۆکراتیزەکردن لە ئارادایە.

■ ئەنجامە نوێیەکانی دیمۆکراسی، یان هەڵبژاردنە نیمچە دیمۆکراسییەکان لە هەرێمەکەدا بۆ ئەمریکا مژدەبەخش نەبوون. ئێستا بوونی حەماس لە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی فەلەستین، ئەحمەدی نەژاد لە ئێران، فراوانی کاریگەری ئیخوان موسلمین لە مسر و شیعە لایەنگرەکانی ئێران کە لە عێراقدا ڕۆڵی کاریگەریەکان هەیە بە فراوانی هەست پێدەکرێت. کێ دەتوانێ مشتومڕ لەسەر ئەوە بکات کە دیمۆکراسی باشترین ڕێگەچارەیە بۆ ئەمن و ئاسایش لە هەرێمەکەدا؟

◇ ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. من زۆر لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆندالیزا ڕایسدام کە دەڵێت: پشتگیریکردن لە هێزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەهۆی پشتیوانیکردنمان بەهۆی دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە شتێکی نەگونجاوە. تا ئێستا چەندین دەنگی سەرکردایەتی کردن بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە دەرکەوتوون لە هەرێمەکەدا گروپە ئیسلامیەکانن. ئەو گروپانە توانیان لەناو دڵی هەرێمەکەدا ئەوەی تۆ مەبەستت نیە بیکەن. ئەو ئەرکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بە فۆرمێکی دیمۆکراسی لە گوتاری سیاسیدا کار بکەن. بۆ نمونە حەماسی ئیسلامی لە فەلەستین گەورەترین مەترسییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ناتوانرێت ئاشتی بنیاد بنرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە گروپی فەتح لە فەلەستیندا خولقاندویەتی.

■ بە مانایەکی تر بە ڕادیکاڵیکردن لە ئارادایە، ئێمە لەو مشتومڕەدا یەکەمین هەنگاو دەبینین.

◇ ئەو یەکەمین هەنگاوە پرۆسەیەکی یەکجار درێژخایەنە. بەڵام من لەگەڵ ئیدارەی سەرۆک بۆشدا نیم کە شەڕی تیرۆریزم بە قۆناغێکی پێویست دەزانێت. گەر ئەمە کێشەکە بێت ئەوا ئێستا ئێمە ئەو شەڕە دەکەین کە دەبوو بەر لە ٣٠ ساڵ بمانکردایە. بەڵام ئەمە بەشێک لە فراوانبوونی گۆڕانی سیاسییە کە بەرەو ڕوودان دەچێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە دەرئەنجام من لەو بڕوایەدانیم تۆ بتوانی بە شەڕ کۆتایی بەو گۆڕانە سیاسییانە بهێنیت.

■ تۆ نووسیوتە «بەمۆدێرنکردن» خۆی یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی تیرۆر بە شێوەیەکی فراوان لە جیهاندا. ئایا دەتوانرێت شەڕی تیرۆریزم سەرکەوتوو بێت؟

◇ میتافۆری «شەڕ» میتافۆرێکی هەڵەیە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئێمە وادەکەین کە شەڕ لە دڵ و مێشکی خەڵکدا جێگیر بێت... ململانێ بەسەر ئایدیاکاندا. ئەمە ململانێیە لە نێوان ئایدیاکانی پلۆرالستی و کۆمەڵگەی دیمۆکرات و مۆدێرن دژبە دەسەڵاتی دینی و حکومەتی دینی. لە کۆتاییدا پێویست بە پرسیارناکات کە کام لەو دوانە چاکترە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بژین ئەمەش هەم بۆ موسڵمانەکان و لە هەمانکاتدا ناموسڵمانەکان.

■ ئەمریکا چۆن دەتوانێت ئەم شەڕە بکات بە شەڕ لە پێناوی ئازادیی جەستە و عەقڵەکاندا؟

◇ وانییە. شەڕی عێراق ئاوەژووکردنەوەیەکی گەورە بوو. سەرچاوەی تیۆری گەر ئەوە بێت سەدام حسێن ڕووخا و قۆناغی گواستنەوە و پێویستی دیمۆکراسی بەدەربکەوێت، ئەوە کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤە. بەڵام ئەوە ڕووی نەدا. بە دیوێکی تردا لە جیاتی ئەوە عێراق بووە سەربازگەیەکی تر، ئەمەش هانی زۆرێک لە خەڵکی عێراقیدا پەیوەندی بکەن بە گروپە بەرگریکارەکانەوە و جیهاد بکەن.

■ لە یەکەم دەربڕینیدا سەرۆک بۆش بیروبۆچوونی لەسەر لێدانی عێراق دەربڕی و ناڕەزایی سەری هەڵدا. چۆن ئەمریکا وا بیری کردەوە کە پێویستە سەرجەم جیهان بەم ڕێبازە ڕازی بن.

◇ من بڕوام وابوو کە ئێمە دەتوانین ئەمە بکەین لەبەر ئەوەی کە مۆتیڤەکانی ئەمریکا باشترە لە خەڵکانی تر و ئێمە دەتوانین متمانە بەم جۆرە دەسەڵاتە بکەین. کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ بە بیروباوەڕەوە مشتومڕمان لەسەر ئەم جۆرە کۆنترۆڵکردنە کرد. پرسیارەکە ئەمە بوو: «ئایا خەڵکان و وڵاتانیتر دژ یاخود قینیان لەم ڕاگەیاندنەی دەسەڵاتی ئەمریکییەکانە؟» وڵامەکەی نەخێرە. ئەمریکا وا بیری دەکردەوە کە زۆر ئەخلاقی‌تر بوو لە خەڵکان و وڵاتانی‌تر و پێویستە دەسەڵاتمان وا بناسن کە نمونەیەکی زۆر فراوانترە لە ئیمپراتۆرەکانی ڕابردوو. ئەوە شتێکە کە ئەوان زۆر هەڵە دەکەن لەو بارەیەوە.

■ ئەو دەنگانەی کە تۆ باست کردن کە کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکانن هەڵگری تیۆرێکی تەندروستن، بەڵام ئەوە کاری پێناکرێت گەر تۆ نەتوانی پراکتیزەی بکەیت.

◇ سەرباری زۆرترین شارەزایی دیپلۆماسی، تا ئێستاش گەورەترین کێشە لە ئارادایە. بەشێک لەوانە کێشەی سترەکچەرین لە جیهاندا کە تا ئێستاش ئەمریکا زۆر لەوە بەهێزترە هەرچەندە زۆرترین نیگەرانی دەخوڵقێنێت. گەورەترین ئاستی باکگراوندی دژە ئەمریکا لە ئارادایە کە نازانرێت بۆ. بۆش و هاوەڵانی ئەو کێشەیەیان خراپترکردووە بەهۆی سەرکردایەتییانەوە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوە زۆر گرانە تەنانەت گەر لە دەرەوەی ئەو کێشانەش بین.

■ لە ئەنجامی ئەمەدا کۆنزێرڤاتیڤە نوێیەکان هەرچەندە فاکتەرەی ڕاستەوخۆی بیری پێش هەڵگیرسانی شەڕبوون یان نا بەڵام شەرمەزاری لە ئارادایە.

◇ من زۆر لەگەڵ ئەم خاڵەدام. بەڵێ ڕاستە.

■ هەروەها ئەمریکاش، ڕووبەڕووی پرسیار دەبێتەوە، لانیکەم لە چاوی گەلانی جیهاندا. ئایا لە ڕاستیدا ئەمریکا گرنگی بە بڕیاری نێودەوڵەتی نادات؟

◇ ئەوە هەمیشە بۆچوونی ئیدارەی بۆش بووە کە گرنگییان بە ڕەئی گشتی و پاشماوەی گەلانی جیهان نەداوە. پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ وەک نمونە بهێنینەوە. ئیدارەی کلنتۆن ئیمزای لەسەر پرۆتۆکۆڵی کیتۆ کرد، بەڵام کلنتۆن تێگەیشت کە ئەو ڕێکەوتنە لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە دەرناچێت. بۆش دەیتوانی هەمان شت بکات و پەنای نەبردە بەردەم دەنگدان و ڕووبەڕووی ئەلتەرناتیڤ نەبۆوە. لەجیاتی ئەوەی کار بۆ ڕێگەچارەیەک بکات دەچێت دەست دەنێت بەڕووی ئەو خەڵکانەوە کە لە ڕاستیدا بڕوایان وایە ئەوە کێشەکەیە.

■ شەڕی عێراق شەپۆلی بیری دژە ئەمریکای لە ئەوروپا ڕەواندەوە. ئایا ئەمە گەورەترین تێکشکان نییە کە لە شەڕی عێراقدا ڕووی دا؟

◇ بێگومان شەڕی عێراق چەندین تێکشکانی لە چەندین شوێنی جیاواز دروست کرد: لانیکەم بە نەوەی ئایندەی وت کە ئەمریکا وەک مۆدێلێک لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە. ئێستا کاتێک ئێمە لە بارەی دیمۆکراسییەوە دەدوێین، خەڵکی بیر لە ئەبووغرێب و گواتانامۆ دەکەنەوە.

■ زۆرێک لە ڕەخنە نێونەتەوەییەکان دژ بە ئەمریکا پاساوی خۆی هەیە. بەڵام ئایا ئەوروپا دڵخۆشە بەوەی کە ڕەخنە ئاراستەی ئەمریکا دەکرێت لە کاتێکدا مامەڵەیەکی کەمی لەگەڵ جیهاندا هەیە.

◇ جۆرێک لە سیاسەتی منداڵانەی دژ بە ئەمریکا لە چەندین ناوچەی ئەوروپا لە ئارادایە. زیاد لەوە زۆرترین خەڵکی ئەمریکا ڕەخنەیان هەیە، کە من ئەوە بەرز دەنرخێنم کە ئەوروپا و زۆرێک لە ڕەخنەکانیان بە بۆچوونی من (بەتایبەتی ئەو ڕەخنانەی لە ئیدارەی بۆش هەیانە) پاساوی خۆی هەیە. بەڵام هەروەها ئەو هەڵوێستەیە کە من چۆن پێموایە ئەنتی ئەمریکا ناعەقڵانییە، - ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئەمریکا سەرچاوەی ناعەدالەتییە لە جیهاندا یەک تەفسیری هەیە. ئەمریکییەکان بەرپرسیارن لە زۆرێک لەو ئەنجامانە. تۆ تەنها تەماشای باڵکان بکە لە ساڵی ١٩٩٠ەکاندا. ئەوروپییەکان پێویستە بەئاگابن. گەر بیرمان وابێت کە سەرجەم ڕەشەکوژی و کارەساتەکان بخەینە ئەستۆی ئەمریکا ئەوە زۆر تەندروست نییە و لە ڕاستیدا زۆر بێ ویژدانییە. گەر ئەمەش وا بڕوات وا لە ئەمریکییەکان دەکات بڵێین «جەهەنەم بۆ ئەوروپا».

پاشماوەی مێزگرد

■ ■ ■

... سیاسییەکانە بۆ پیادەکردنی دێموکراسی، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا زۆر لاوازە.

گەر دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین مەیسەر بێ، دەبێ ئەو ڕێگرانە لابربردرێن. بە بڕوای من فێدراسیۆنێکی فرەنەتەوە دەتوانێ لە پاڵ کۆمەڵگایەکی مەدەنی پتەوەوە ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ دێموکراسی لە وڵاتانی خاوەن نەوت و فرەئێتنیک و فرەنەتەوە. فێدراسیۆنێکی وا، کە دەکرێ بڵێین بەڵای نەوتمان لە کۆڵ دەکاتەوە، پێکهاتەیەکە لە تەرتیباتی دەستووری و دامەزراوەیی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، کە دەبێ بە ڕێگاخۆشکەر بۆ پەیوەندیی ناوکۆیی لە نێوان دەوڵەت و «خەڵک» و گروپە ئێتنیک و نەتەوەییەکان کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان پێش بەوە دەگرن کە لەو وڵاتە فرەنەتەوانەدا، نوخبەیەکی سیاسی یان یەک نەتەوە پاوانی دەسەڵات بکەن. بە کورتی، هەروەک چۆن ئەزموونی دێموکراسی لە زۆر وڵاتان یەک سەرچاوەی نەبووە، بە هەمان شێوەش ناکرێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، دێموکراسی بە یەک فاکتەر یان لە یەک سەرچاوەدا سنووردار بکرێ.

شەماڵ: کاتێ من باسی مێژووی دێموکراسی دەکەم مەبەستم ئەوەیە کە بە پێی ئەو تاریفە، مێژووی فەلسەفەی سیاسی لە ڕاستیدا مێژووی بوغزاندن و نەیاری لەگەڵ دێموکراسیدا بووە نەک بەرگری لە دێموکراسی. باسی ئەو کێشەیە لەو ڕوویەوە گرینگە کە ئێمە لە خۆڕا پێمان وا نەبێ دێموکراسی ئیدیاڵێک بووە کە فەیلەسووفان و بیرکارانی فەلسەفەی سیاسی شەیدای بوون، بەڵکو بە پێچەوانە، دێموکراسی وەک ئایدیایەک هەمیشە دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵدا کراوە. ئیدریس پێی وایە ئەو تاریفەی من پێناسەکردنەوەیەکی دێموکراسییە، ئەوە ڕاستە، بەڵام هەموو پێناسەیەکی دێموکراسی، چەشنە پێناسەکردنەوەیەکە، بەو مانایە ئیدریس دەبێ پێی وابێت کە دێموکراسی پێناسەیەکی یەکەدەست و نەگۆڕی هەیە، ئەوسا دەبێ بپرسین ئەگەر وایە، بۆچی لە دوو هەزار ساڵە باس و دانوستاندن لەسەر دێموکراسی کۆتایی پێ نەهاتووە؟ مەسەلەی پێناسە ئەگەر چی شتێکی دڵخواز نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا داکۆکی کردن لە پێناسەیەک پێوەندییەکی چڕی بە ڕوانگەی سیاسی و ئەخلاقی ئەوکەسەوە هەیە.....

ئایا من هیچ جیاوازییەک لە نێوان سیستەمە سیاسییەکانی دنیادا نابینم؟ با، بێگومان جیاوازیی فرە گرینگ لە نێوان ئەو سیستەمانەدا هەیە. بۆ وێنە سیستەمی سیاسیی سوید لە دیدی منەوە زۆر زۆر لە سیستەمی سیاسی وڵاتانی دەوروبەری ئێمە باشتر و مرۆڤانەترە. باسی من زیاتر لەوەدایە کە دێموکراسی ڕەوتێکی بەردەوامە و کۆتایی نییە. دێموکراسی بە مانای حکومەتی خەڵک بەر سەر خەڵکدا نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەک یەکسانن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەو کۆمەڵگایە. بەو واتایە، هەرچەندی لە تورکیا هەڵبژاردنێکی ئازادیش هەبێ، مادام تورکیا نکۆڵی لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک دەکات، تا کاتێک تورکیا ئەو مافە بە خۆی دەدا کە دیاری بکا کێ بۆی هەیە وەک نەتەوە پێناسە بکرێ و کێ بۆی هەیە دیاری بکا کە چ کەسانێک لە چ مافێک بەهرەمەند بن، ناتوانین باسی دێموکراسی بە گوێرەی ئەو تاریفەی من باسم کرد، بکەین. خودی زاراوەی خەڵکیش هەر وەک باسم کرد، گرفتی خۆی هەیە. خەڵک شتێکی نەگۆڕ نییە و خۆی لە خۆیدا شتێکی پیرۆزیش نییە. هەر لەو چەشنە هەڵبژاردنە دێموکراتیانەدا بوو کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە نەمسا هێزێکی دژی بیانی و ڕاسیست گەیشتە دەسەڵات؛ هەر ئێمرۆ ڕەنگبێ لە زۆر وڵاتی ئوروپی زۆرینەی خەڵک دژی بیانی بن. کە وایە من لە گەڵ ئیدریس و تاریفی ئەو لە دێموکراسی نیم و ئەو تاریفەم پێ تاریفێکی نەزۆک و لیبراڵانەیە کە هیچ پێوەندی بە هەندێ بڕوا و بەهاگەلی ئەخلاقی و پرێنسیپی دادپەروەرانە نییە.

کە دەگەڕێینەوە سەر دێموکراسی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێ لەو بڕوایەدان کە دێموکراسی لە چەشنی ئوروپی مەرج نییە تاکە شێوازی دێموکراسی بێت و بۆیە ئەو وڵاتانە دەتوانن خۆیان ئەزموونی نوێی دێموکراتیانە بێننە ئارا. ئەو قسەیە لە ڕووی تیۆریکەوە دەتوانێ ڕاست بێ، بەڵام بە داخەوە هەندێ ئەو ئەنجامەی لێدەردەکێشن کە ئەگەر وایە دێموکراسییەکی ڕۆژهەڵاتی دەتوانێ ببێت بە ئەڵتەرناتیڤێک. لە ڕووی ئەزموونییەوە هیچ تەجرەبەیەکی شیاوی باسکردن لە بەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی ڕاست و درووستی تێزێکی وا بسەلمێندرێ. ئەو هەوڵانەی تا ئێستا لەو وڵاتانەدا دراون نە تەنیا لەو سیستەمە ڕۆژئاوایی و بایەخەکانی نزیک نەبۆتەوە، بەڵکو زۆر جاران بۆتە هۆی چەسپاندن و بەهێزکردنی سیستەمێکی توتالیتەر و دژی مافەکانی مرۆڤ.

سیستەمی سیاسیی ڕۆژئاوا بەرهەمی ڕەوتێکی خەباتە بۆ دێموکراتیزەکردنی سەرتاپای کۆمەڵگا. لەم ڕوویەوە، ئەوان زۆر زیاتر لە وڵاتانی ئێمە توانیویانە گۆڕانکاری لە ساختار و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێک بێنن. ئێمە لەم بوارەدا فرە لە پاشین. بە بڕوای من جەوهەری دێموکراسی وەک خەبات بۆ یەکسانی، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناناسێ، بەڵام ئەگەر ئێمە باسی ئەو نەزمە سیاسییە بکەین کە لە ڕۆژئاوا بە دێموکراسی دەناسرێ، ئەوسا دەبێ بە ڕاشکاوی جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ئەزموونی ڕۆژئاوا تا ئێستا تاکە ئەزموونی سەرکەوتوو بووە. بەشێک لەو سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو جووڵانەوە بەرفرەوان و بەرینە خەڵکیانەی کە لەوچەند سەدساڵەی ڕابردوودا، بەرە بەرە ڕەوتی سیاسی و ناوەڕۆکی سیاسیی ئەو وڵاتانەی تووشی ئاڵوگۆڕ کردووە. بەشێکیشی پێوەندی بە گۆڕانکارییەکی قووڵ لە مەعریفە و شێوە ڕوانینی ئەو بەشە لە مرۆڤ و توانستەکانی هەیە. لەم ڕوویەوە دامەزران و سەقامگیربوونی سیستەمێکی ئاوا لە گرەوی هەندێ مەرجی وەک بڕوا بە ئاوەزمەندی مرۆڤەکان، جودایی دین و سیاسەت، بەربەستکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە لایەن کۆمەڵگایەکی مەدەنی، سەپاندنی هەندێ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە هەمووان گرینگتر ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان ویست و بەرژەوەندییە جیاوازەکان دایە. لە ئەزموونی ئێمەدا تا ئێستا بیرکردنەوە و گومانکردن شتێکی دەگمەن بووە. بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەی ڕۆژئاوا بەسەریدا تێپەڕیوە، بەر لەوەی تەنیا بنەمایەکی ئابووری و تەکنیکی بێت، بنەمایەکی فەلسەفی، فکری و سیاسی بووە. بە لاساییکردنەوە لە ڕۆژئاوا ئێمە ناتوانین ببین بە خاوەنی هەمان سیستەم. من پێموایە ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریکەوە ئیمکانی نەزمێکی سیاسی جیاواز لە چەشنی ڕۆژئاوا لای ئێمەش مەیسەرە، بەڵام لە ڕووی ئەزموونییەوە، ئەو پرۆژەیەم پێ پرۆژەیەکی سەقەت و بەخەسارە. چارە چییە؟ بە بڕوای من ئەگەر ئێمە داواکاری سیستەمێکی سیاسین کە لە ڕۆژئاوا هەیە، ئەوسا دەبێ سەرنجی بنەما فیکرییەکانی ئەو ئەزموونە بدەین و واز لە کۆپی کردن بێنین. ئەو بنەمایانەش بریتین لە پێناسەکردنەوەیەکی دووبارە ڕۆڵی خەڵک، ڕۆڵی یاسا، پێوەندی تاک و کۆمەڵ، پێوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگا، دەوری کۆمەڵگای مەدەنی، پێوەندی دین و سیاسەت و هتد... لە کۆتاییدا با ئەوە بڵێم کە دێموکراسی ئەنجامی خەبات و ململانێیە. لە هیچ شوێنێکی دنیادا، دەسەڵاتداران بۆ خێرخوازی، چاکسازی و ئاڵوگۆڕییان پێک نەهێناوە. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە شێوەیەک ژیانی خەڵکی باشتر کردووە، بەرهەمی کێشە و خەباتی خودی ئەو خەڵکانە بووە.

هەندرێن: هەڵبەتە دەزانم کە بەرجەستەکردنەوەی چەمکی دێموکراسی وەک خۆی، کارێکی دژوارە. بۆیە چ لە سەردەمی گرێک و چ لە سەردەمی ئەمڕۆدا، دێموکراسی لە نێوان کۆمەڵگایەکی ئەکتۆریتێ و کۆمەڵگایەکی ئازاددا، هەمیشە لە سازشکاریدا بووە/دایە. لێرەوە بە واقعیکردنی کۆمەڵگایەکی دێموکراسی پەیوەستە بە دەوڵەتێکی دێموکرات و خودی مرۆڤەکانەوە، چونکوو دێموکراسی بەشێکی ڕێکخراوەییە و بەشێکیشی بەندە بە باری دەروونیی مرۆڤەکانەوە. لەو دیدەڕا، بە بڕوای من، دێموکراسی وەک چەمک، لە پیادەکردنێکی تەواو بەدەرە. چونکوو بە گوێرەی مەرجەکانی سروشتی مرۆڤ، دێموکراسی لەگەڵ پیادەکردنی دەسەڵاتدا، جارێکی دیکە کۆمەڵگا بەرەو ستەمگەریی دەگەڕێنێتەوە. بەو واتایە هەموو کۆمەڵگایەکانی ڕۆژئاواش، بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگایەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ستەمگەرن. نەبوونی دێموکراسی، هەر بە بوونی زەبر و زەنگ نییە، کە دەسەڵاتێکی تاکرەو و یان دەستەبژێر بەڕێوەی دەبا. بۆیە چ لە سەردەمی گرێک و چ لە کۆمەڵگا نوێباوەکانی ئەمڕۆدا، دەسەڵات هەمیشە بە دەست دوو توێژەوە بووە: ئۆرستۆکرات/بۆرژوا و کۆنپارێزەکان. لێرەوە گرفتی ئەو شێوە دێموکراسییەی کە باوە، لەو خاڵانەدا کۆدەبنەوە: ١. ڕێکخراوێکی دێموکراسی، کە بریتییە لە پێکهاتێکی لێکناکۆک. چونکوو ڕێکخراوێکی ڕێکخەرە، بۆیە هەرگیز ناتوانێ دێموکراسی بێ. ٢. سروشتی مرۆڤ، بۆ خۆی لە ئاستی مەیلی تاکەکەسییەوە لێکجودایە؛ ئاستی ئاگایی و کارامەییان جیاوازن. بۆیە هەر یەک لەو تاکانە بە شێوازی جیاواز خواستیان دەسەڵاتە. بۆ نموونە مرۆڤە زەنگینەکان زیاتر حەزیان لە دەسەڵاتە. هاوکاتیش «ئاپۆرەیەک لە خەڵک»، هەرگیز ناتوانن دەسەڵاتدار بن و دەسەڵاتداریش نەبوونە، چونکوو بە گوێرەی ڕەوتکارییەکان «ئاپۆرەی خەڵک» هەمیشە لە لایەن نوێنەرایەتییەک لە «سەرەوە» حوکمکراوە. بۆیە لێرەدا بە جەختکردنەوە، دێموکراسییەکی گەردوونی بریتییە لە فەرمانڕەوایی دەسەڵاتێک کە لە «خوارەوە» دەسەڵاتدار بێ. مادام دەستەبژێرێکی هەڵبژێردراو لە «سەرەوە» ئاپۆرەی خەڵک بەڕێوە دەبا، ئەوە ئەو تەرزە دەسەڵاتە ئەستەمە دێموکراسی بێت. لەم گۆشەنیگایەوە من دەڵێم، کە براقێکی ئازادیخواز تا ئەوکاتە دێموکراسە کە لە پرۆسەی خەباتدایە، بەڵام کە گەیشتە دەسەڵات بە هۆی کێشەی ڕێکخراوەییەوە، کە دەبێ دەستەبژێرێک لە «سەرەوە» باڵادەست بێ، لە دواجاردا لە لایەن هێزە کۆنپارێز و مشەمخۆرەکانی کۆمەڵگاوە هەڵدەلووشرێ. بۆ نموونە، ئەگەر سەیری بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی جیهان بکەین، هەموویان بەو چارەنووسە گەیشتوون، کە هێزە کۆنپارێز و بەرژەوەندخوازەکان بوونەتە میراتگری. بۆیە دێموکراسی هەر تەنیا دەنگدانی «خەڵک» و ڕێگدان بە ئازادییەکی «پاوانکراو» لە لایەن دەسەڵاتەوە، مانای بوونی «تا ڕادەیەک دێموکراسی» نییە. بۆیە من ئەو دێموکراسییە بە دێموکراسییەکی «جڵەوکراو» ناودێر دەکەم. سەبارەت بە کوردستانی عێراق، ئیدریس دیدی من بە «دووفاقی» ناودێر دەکا، چونکوو ئەو سەرنجی ئەوە ناداکە چۆن ئەمڕۆ دەستەبژێرێک بە ناوی نوێنەری «خەڵک» لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی عەنتیکەوە دەسەڵاتدارە دەبا کە بۆ من نادادپەروەرە. بە کورتی ئەو «تا ڕادەیەک دێموکراسی»یەی کە ئیدریس پێیوایە لە کوردستاندا هەیە، بەلای منەوە، مایەی بەرەو «کامڵبوون»ی بەدیناکرێ.....

بەڵام ئیدریس کاتێک کە باسی تا ڕادەیەک دێموکراسی لە کوردستاندا دەکا، دەکەوێتە «پارادۆکس/لێکدژ»یەوە. بۆ نموونە، لە کێشەی تورکیادا ئیدریس پێشتر کە پرسیار دێتە سەر تورکیا، هاوسۆزیی خۆی بۆ دیالۆگێکی «ئیدئال» ڕادەگەیەنێ، کە هابرماس پێشنیازی کردووە و دەڵێ: «لە گوتارێکدا ئیدئالدا دەبێ هەمووکەس بەشدار بێ..» بەڵام، بە بڕوای ئیدریس، لە بەر سنووردارکردنی مافی بەیان و مافی وەشان لە تورکیادا، بە تایبەتی کە ئەگەڕێتەوە سەر هێنانە ژێر پرسیاری بنەما «کەمالیستەکانی» کۆماری تورکیا، تورکیاش وەک «نیمچە دێموکراسی» لە قەڵەم بدرێ، ئەوە بەلای منەوە دێموکراسی نییە. من لەگەڵ ئەو تێزەی هابرماس و ئیدریس هاوڕام، بەڵام سەبارەت بە تورکیا و کوردستانی عێراق، هاوڕا نیم... بۆ ئەوەی دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆری نەڕوات، دەبێ دەسەڵات بەسەر ڕێکخراوگەلێکدا دابەشبکرێ، چونکوو زۆر ئاسانە دەسەڵات بە ناوی زۆرینەی خەڵکەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵک بچەوسێنێتەوە، بەمجۆرە دامەزراندنی دەسەڵات لە تۆڕەکان؛ پەرت و بڵاوکردنی لەناو دامەزراوە مەدەنیی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەوێدا هەموو خەڵک لە ئاست و بوارە جودایەکاندا بەشدار بن لە دەسەڵاتدا، دەکرێ چەمکی دێموکراسی بەرجەستە بکاتەوە، چونکوو شێوەیەکی لەم جۆرە دەسەڵات، لەلایەن تەواوی خەڵک؛ «خوارەوە» پیادە دەکا، نەک تەنیا توێژێکی هەڵبژێردراو لە «سەرەوە» خەڵک بەڕێوە ببات.